## دەڵێن کاک مستەفای هیجری دەریایە... ڕێبوار

ماوەیەک لەوە پێش بەڕێز کاک مستەفای هیجری سکرتێری کۆنگرەی13ی حیزب کۆبونەوەیەکی‌بۆ، کادرەکانی ڕێبەری و ئەندامان و پێشمەرگەکان پێکهێنا. مەبەستی رواڵەتیی کۆبونەوەکە باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر گیروگرفت و کەند و کۆسپە نێوخۆییەکانی حیزب بوو. لە سەرەتای قسەکانی‌دا کاک مستەفا ددانی بەوەدا هێنا کە ئاڵۆزی و بوونی کەش و هەوای ناخۆشی دوای کۆنگرەی 13ی حیزب ژیانی لە هەموان تاڵ کردبو. هەرچەند جەنابیان نەیفەرموو کێ بووەتە هۆی پێکهێنانی ئەم وەزعە بەڵام هەر لە درێژەی قسەکانیدا بەشێک لە هاوڕێیانی بەشداری کۆبونەوەکە وەبیریان هێناوە کە کاک مستەفا بۆخۆی پێکهێنەری ئەم وەزعە بووە.

قسەکانی کاک مستەفا لەسەر یەک سێ مەبەستی تێدا بوو. یەکەم: کەش‌وهەوای پێش پلینۆمی پێنجەمی دوای کۆنگرەی 13. دووهەم: دەستەبەندی و تاقم دروست کردن. سێهەم: ناوچە گەرایی.

ئەگەر کەسێک کاک مستەفای نەناسیبا و شێوەی بە دەسەڵات گەیشتنی جەنابیانی نەزانیبا بێشک نیو سەعاتی چەپڵە و فیتوو بۆ لێدەدا، بەڵام لە شوێنێک کاک مستەفا ئەم فەرمایشتانەی فەرمووە کە هەموو بەشدارانی کۆبونەوەکە دەزانن کاک مستەفا و تاقمەکەی خوڵقێنەری ئەم وەزعە بوون کە ئێستا ئیدی بۆخۆشیان تێگەیون چ کارێکی هەڵەیان کردووە. کاک مستەفای بەڕێز خۆ ئەم وەزعەی جەنابت بە بێزارییەوە باسی دەکەی لە ئاسمان را نەباریوە و خوڵقاوی دەستی خۆتە و ئەگەر ئەوەندە خەراپە بۆ وازی لێ ناهێنی؟ پێش پلینۆمی پێنجەم لایەنی بەرانبەرت تەنیا داوای ئەوەی لە جەنابت دەکرد کە مافی ئەندامانی حیزب بێ جیاوازی دەبێ بپارێزرێ وئەمنیەتی تەشکیلاتی ئەندامان ڕێزی لێ بگیرێ ولیهاتوویی، تەنیا پێوانەی ئەسپاردنی ئەرکی حیزبی بۆ ئەندامان بێ. بەڵام جەنابت بیری یەکدەست کردن یان وەدەست خستنی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ تاقمەکەی خۆتت لا مەبەست بو دەنا کێ نازانێ لە نێوان کاک خالیدی عەزیزی و کاک شاهۆ کامیان لێهاتووترن؟. دیارە ئەوەش دەزانی کە یەکدەست کردنی حیزب یانی کردنی حیزب بە خانەقا و بوونی جەنابیشت بە شێخ.

لەسەر دەستەبەندی و تاقم سازکردن دەبێ عەرزی جەنابت بکەم هەموو کەس بکا دەنگێ ئەتۆ بچۆ بن بێژینگێ، چونکە لە دەستەبەندی دا ماڵم حەقە ئوستادی و کەس دەسکت لە دوو ناکا. بەڵگە هێنانەوەشی ناوێ هەردوکمان دەزانین دەڵێین چی؟بەڵام ترسی جەنابت لە دروست بوونی دەستە و تاقم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەستت بە مەترسیی کردووە و دەزانی حیزبت کردوەتە کەلاک و ڕۆژ بە ڕۆژ پایەی دەسەڵاتەکەت لەرزۆکتر دەبێ و ئەو کەسانەی لە کەش‌و هەوای دوای کۆنگرەی سیزدەی جەنابت رازی نین، ڕۆژێک ئەم دۆڵپایە لە سەر شانیان دێننەخوارێ و حیزب بەرەو هێڵی راستەقینەی خۆی دەگێڕنەوە.

سەبارەت بە ناوچەگەرایی دەبێ وەبیرت بێنمەوە كە پێشمەرگەكانی ئەو شارەی جەنابت زۆرت رق لێیانە، لە باكوور تا باشووری كوردستان خوێنیان رژاوەو و بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشم برۆ چاوێك لە ئارشیوی حیزب بكە یان نامیلكەی (جنگ در كردستان) وەخوێنە دەزانی كە پێشمەرگەكانی ئەم شوێنە شاخ و دۆڵی كوردستان نەماوە خوێنی خۆیانی لێ نەرێژن و گیانیان بەخت نەكەن. ئەو كات كە ئەوان دوژمنیان دەتەزاند جەنابت لە سەنگەر دا ئەوەت دەكرد كە هاورێیەكی ئالانی كوڕت لە ماڵپەڕی " كوردستان سایت " دا بۆی نوسیبووی. داخ لەدڵی جەنابت و هاوبیرانت دژی خەڵكی ئەو مەڵبەندە ئەوەندە ئاشكرایە كە تەنانەت " شوانەی سەید قادر" تان رانەگرتبوو هەر چونكە خەڵكی ناوچەیەكە كە ئێوە چاوی دیتنیتان نیە. خۆ دەشزانی تەرمی شوانە كارێكی كرد كە سەدان زیندووی وەك كاوەی بارامی بۆیان ناكرێ.

لە بەشی پرسیار و وەڵاماندا، كاتێك ئەندامان دەست دەكەن بە رەخنە گرتن لە جەنابت، دەروێشەكانت جەزم دەبن و یەكێك لەو دەروێشانە بە ناوی عیرفان كە پێشتر پیاوی ئەحمەدی موفتیزادە بووە و كاتێك دوكانی موفتیزادەیان داخست، بوو بە پیاوی مەلا كرێكار لە تەوێڵەوبیارە، و ئێستاش پیاوی جەنابتە، بۆ بەرگریكردن لە جەنابت دەچێتە پشت میكرۆفۆن و دەفەرمێ: "كاك مستەفا وەك دەریایە و دەریاش بە دمی سەگ پیس نابی".

پێشەكی دەبێ ئەوەت عەرز كەم، خوێڕی ترین سەگ لە كەسانی نیشتمان فرۆش بەشەرەفترە، چونكە سەگ قەت خەیانەت بە خاوەنەكەی ناكا. ئەحمەدی موفتیزادە ومەلا كرێكار، هەمیشە پاش لە كۆشی دوژمن وكەڵپە لە لەشی كورد دابوون. سەبارەت بە ئەوەی جەنابت دەریای، راست دەكا ئەتۆ دەریای بەڵام دەریای (ئەحمەڕ) كە ئاوەكەی نەك بەشەر، ئاژەڵیش لێی ناخۆنەوە. دەنا ئەگەر دەریا سەهلە، بەقەت ئەستێرێكیش مەند بای هەر لەوێ وەڵامت دەداوە و نەت دەهێشت كەسێكی ئاوا رابردوو ڕوون!! وا بێشەرمانە قسە بكا و بەم شێوەیە لەسەرت وەجواب بێ و بێحورمەتی بە ئەندامانی حیزب بكا. ئەگەر عیرفان ئەو قسەیەی لە لای هەر جوتیارێكی كورد بكردبایە، بێ سێودوو، دۆدانەیەكی تەڕی لە دم دەدرا. بەڵام وادیارە كاك عیرفان ئەوەندەی ئاوی ئەم دەریا (ئەحمەڕە) خواردوەتەوە كە قانع بووە فەردێكی وەك تۆ دەریای بی.

12ی خەزەڵوەری 1384ی هەتاوی